# هیجرەت

خاڵەبەکر



خۆ من هێشتا..،
لەژێر کەپری مێوەکەتا...!
هەڵنەزنام بەفێنکایی سێبەرێکتا..
لێوی بەرسیلەیەکتم نەگەست...،
بۆ نەتبردم لەگەڵ خۆتا...؟
چۆن دڵت هات جێم بهێڵی بەتەنیا..!!؟
***
هاوار.هاوار....!!!
ئەی تۆ نەبووی بانگی عیشقت بەگوێما دا...؟
ڕوو لەکوێ کەم...،
زام نەما تەیی نەکەم...!
ئازار نەما دیدەنی نەکەم...!!
گۆڕەپانی جەنگ نەما ڕووی تێ نەکەم..!
هیچ سەنگەرێک نەیگرتمە خۆی....،
دەڵێن لاچۆ...!!!!!
تۆ عاشقێکی سەرەخۆرەو سەرەڕۆی....،
سۆفیەکی گرۆزو گرۆی....،
هەتا ماوی ڕەنج بەفیڕۆی....!
کەی تۆ دێوانەی،کۆڕی دۆزەخی عیشقی ئەمڕۆی....؟
سەر هەڵگرە......!!!!
کەس پێت نالێ بۆ کوێ ئەڕۆی یاخود ناڕۆی.....!
***
لێت دەگەڕێم...،
شکۆفەی نیگام ئاوەڵایەو،چاوەڕێم....،
هوزارێکی خۆش ڕەوانی دەم سەرەڕێم...!
بێ پەرواو و،بەرەو ڕووت دێم....!
تاکو پڕتر بێت،لەنەغمەی ئۆرگانیزمی گریانت هەردوو گوێم....!!!!!
ئاخر خۆ من هەورێکی گرینۆکی ووڕکنی بێ ئاسمان و بێ جێگەو ڕێم
بۆ ئەم هیجرەتە ناشێم...،
خۆ دڵی عاشق نەما لەبۆی نەدوێم....!!
***
واوەیلامە...،

کەژوکێوی غوربەت گرتومیە خۆی...!
مێرگوزارو ئاگرێکی بێ ئامانە...
چنگیشم ناکەوێ پەڕەو خامە...!
مەگەر هەر هەناسە،بەبێ دەنگی بکەم بەنامە...،
بۆ هجرەتی تۆی نیشتیمان و ئەو نیشتیمانە...!!!!
***
ئای کەسەختە...،
پرسیار نەجوویت...!
لەگەرودا نەیتاسێنی و عاشقانە دەری نەبڕیت...
ئای کەسەختە...،
ڕەنجی عیشق....
لەسەر کۆڵی ئەسپێکی شێت...،
هەنگاو بنێ و نەیلاوێنیت...!!!!!
***
ئای کەسەختە..،
پێ نەزانیت...
کەچاوەکانم لانکەتن..،
کەبرژانگەکانم دەسرازەتن..،
هەناسەکانیشم بایەکی تیژ ڕەون
برۆکانیشم پەروانەی فڕۆکەکەی دەستەکانی مناڵیتن..،
***